١٢

# بەیانی باش ژینا

برایم فەڕشی

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

زنجیرە کتێبی تیشک بۆ لێکۆڵینەوەی کوردستان

# بەیانی باش
# ژینا

برایم فەڕشی

زنجیرە کتێبی تیشک بۆ لێکۆڵینەوەی
کوردستان

**TISHK Book**

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

ناوی کتێب:  بەیانی باش ژینا
ناوی نووسەر: برایم فەڕشی
وەشانخانە:  ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان - تیشک
شوێن: کۆڵن، ئاڵمان
ساڵی چاپ: خەرمانانی ٢٧٢٤
ژمارە: ١٢

ISBN 978-3-68939-002-0
eISBN 978-3-68939-003-7
https://doi.org/10.69939/TISHK6735

TISHK
Zentrum für Studien über Kurdistan

TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan
Postfach: 840108
51033 Köln

نووسین:
برایم فەڕشی

بەشی پێداچوونەوە:
کامیل نەجاری

وێنەی ڕووبەرگ:
ژیندا

دیزاین:
ئاران

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
کتێبی تیشک بۆ لێکۆڵینەوەی کوردستان
٢٠٢٤ی زایینی
ژمارە (١٢)

TISHK
Zentrum für Studien über Kurdistan

# پێشگوتن

ویستم لێکدانەوەی خۆم سەبارەت بە ڕاپەڕینی ژینا بنووسم، ویستم باسی دەسکەوت و خەسار و ئاکام بکەم. ویستم ئەنگوستێ بۆ هەڵە و خەتا ڕابکێشم و باس لە دووبارە و چەندبارەی کارەسات و تراژێدیی ناو مێژووی کورد بکەم؛ ئەو کارەشم کرد و دوایە وازم لێ هێنا! خوێندنەوەی ڕۆژژمێری ئەو ڕۆژانە، خۆیان دەدوێن و دەریدەخەن کە چی کراوە، چی نەکراوە و چی دەبا کرابایە!

برایم فەڕشی

٢٠٢٤/٧/٣٠

کۆڵن- ئاڵمان

بەیانی باش ژینا

# بەیانی باش ژینا (٨)

دوێنێ لە کاتی نامەنووسین بۆ تۆ، هەواڵی بۆمبارانی فێرگە و شوێنی ژیانی پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان لە لایەن فڕۆکەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە بڵاوکرایەوە، هێزی نووسین و بیرکردنەوەم وەستا.

بیرکردنەوە لەوەی چۆن دیکتاتۆرەکان لە دواساتەکانی ژیانیاندا هار دەبن، چۆن پێ لەسەر هەموو ئەو بایەخانەی مرۆڤیان پێ دەناسرێتەوە، دەنێن. ئەوان ژنی دووگیانیان کوشتووە، فێرگەی منداڵ و شوێنی ژیانیان، بۆمباران کردووە.

لەوە دەچێ ژیناکان لە کووچە و کۆڵان و شەقامی شار، تەنگیان پێ هەڵچنیبن و دەرماندە و ماندوو بۆ نیشاندانی ورەی نەبوویان، ڕوویان لە باشووری وڵات کردبێ، بۆ ئەوەی ژاری خۆیان لەوێ بڕێژن.

سەیر نییە چەند ڕۆژی تر هێندە هار بن هەم بکەونە گیانی یەکتر و هەم بە تانک و تۆپ و تەیارە بکەونە ناو شارەکان و هەر ئەو مێژووە دووبارە کەنەوە کە سەلەفی پێش ئەوان محەممەد ڕەزاشا و قەجەرەکان تاقییان کردەوە و سەریان تێدا چوو، هەر وەک چۆن چاوشسکۆ، سەدام و قەزافی هەمان ڕێگایان بڕی.

ئەوەی وەک پرسیار دەمێنێتەوە، ئەوەیە کە چۆن بەشێک لە کورد لە باشوور و ڕۆژهەڵات گرێدراوی ئەو سیستەمە ماونەتەوە؟ ئەوان لە خۆیان پرسیار ناکەن، کە چەندە مرۆڤن و مرۆڤ ماونەتەوە؟ ئایا دەتوانن شەوانە ڕاحەت سەر بنێنە سەر سەنیر؟ ئایا دەتوانن منداڵەکانیان لە ئامێز بگرن و خۆشەویستی بنوێنن؟!

ڕاپەڕینی خەڵک بە بەردەوامی لە ژێر ئاڵای ژینادا سەردەکەوێ و مێژوو جارێکی دی دەرسێکی تازە دەداتە دیکتاتۆر و کەسەکانی. ئەوەی بۆ کورد گرنگە یەکگرتوویی نەتەوەیی، سیاسی، بوونی بەرنامە، ستراتێژی، دیپلۆماسی و بە ڕێکخراوەییکردنی خەباتە.

دەبێ پێشرەوی ئەم سەرهەڵدانە ژنان و لاوان بن و جیهانێکی نوێ بۆ کورد و کوردستان بونیات بنێن و تووشی لەرزۆکیی سیاسیی جیلی بەر لە خۆیان نەبن، کە ئێستاش لەرزۆکانە دەجووڵێنەوە!

ژینا، درەنگ یا زوو ئێوە سەردەکەون.

٢٠٢٢/٩/٢٩

# ژینا - نامه

## ژینا – نامە (٢٢- ١٥)

ئینتێرنێت، کورد، ژینا و ڕاپەڕین

بۆ جاری یەکەم پەنجا و سێ ساڵ بەر لە ئێستا لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ لە شاری «لۆس ئانجلێس»، دوو کامپیۆتێر لە گەڵ یەک گرێدران و زانیاری لە نێوانیاندا هاتوچۆی پێ کرا، بیست و هەشت ساڵ دواتر، "تیم بێرنێرس" لە سویس توانی لە ڕێگای "World Wide Web" سەرجەم کامپیۆتێرەکانی جیهان لە گەڵ یەک گرێ بدات و جیهانێکی نوێ پێک بێنێت. ئەمڕۆ چوار میلیارد و نۆسەد ملیۆن خەڵکی جیهان لەم ڕێگایەوە لە گەڵ یەک گرێدراون.

ڕۆژانە ٣٠ ملیۆن تیک تۆک، ٥٠٠ ملیۆن ئینستاگرام، ملیاردێک و نۆسەد و هەشتا ملیۆن فەیسبووک، ٢٣٨ ملیۆن تویتەر، ٧٠٠ ملیۆن واتس ئاپ، ٣٤٩ ملیۆن تێلگرام و پرۆگرام و ئەپی تر بەکاردەهێنرێن!

ڕێژەی ئەو زانیاری و دژە زانیاری و زبڵەی کە لە شەو و ڕۆژدا هاتوچۆی پێ دەکرێ زیاتر لە هەموو ئەو زانیارییانەیە کە مرۆڤ بە درێژاییی مێژووی بوویەتی. تازەترین ڕێژەی بەشداران و بەکارهێنەرانی ئینتێرنێت لە ٥ ملیارد تێپەڕیوە، واتە زیاتر لە ٦٢ لە سەدی خەڵکی سەر گۆی زەوی لە شەو و ڕۆژدا یەک هەتا ٨ کاتژمێر لە ژیانیان بە ئینتێرنێت تێدەپەڕێ. لە منداڵی یەک ساڵانەوە هەتا مرۆڤی باڵای هەشتا ساڵ. مرۆڤی باڵای نەود ساڵ لە تیکتۆک و ئینستاگرام دەبینرێن.

ئینتێرنێت سنوورەکانی بەزاندووە و لە هەمان کاتدا سنووری نوێی پێک هێناوە و مرۆڤ بە پرتاو بەرەو ماشێنیبوون مل دەنێ و ئایین، فەرهەنگ، دابونەریت، هونەر، تێگەیشتن، ڕواڵەت، ژیان و مرۆڤ تووشی گۆڕان کراوە و گۆڕانی هەمەلایەنەتر لە پێشە. ئەوەش دەبێ بگوترێ کە ئینتێرنێت هەر دوو لایەنی خاس و خراوی هەیە، کە دەبێ باس بکرێ بۆ ئەوەی گۆی زەوی و مرۆڤ تووشی ئەو کارەساتانە نەبن کە پاش شۆڕشی سەنعەتی تووشی هاتن.

ڕەنگە بە دەگمەن هەرکام لە ئێمە بزانین کە یەکەم کەرەسەی کۆمۆنیکاسیۆن چی بووە و لە کوێوە هاتووە. وڵامی ئەم پرسیارە لە موزەخانەی کامپیۆتێر لە شاری پادابۆرن دراوەتەوە. ٢٠ ساڵ لەوە پێش لە بەرانبەر یەکەم تابلۆی ئەو موزەخانەیە واقم وڕما، یەکەم کەرەسەی کۆمۆنیکاسیۆن ئەو خشتە کاڵانە بوون کە سەدان نیشانەیان لە سەر کێشرابووەوە و لە مێزۆپۆتامیا(ناوچۆمان)، لەو شوێنەی کە ئێستا ڕۆژئاوای وڵاتی ئێمەیە، دۆزراونەتەوە.

## ژینا - نامە (٢٢-١٦)

کوردستان "ئازمایشگەی" "کوردی ئێرانی" و "ئێرانییەکان" نییە!

زمانی قسەکردنی بکوژان و کەلاکی لە پاش بەجێماویان لە سەر شەقام، دەریدەخەن، ڕێژیمی ئیسلامیی تاران جگە لە کەسانی خۆی، هێزی بیانیی بۆ کوشتاری خەڵکی کورد ئەجیر کردووە! هەر بکوژێک (بە وتەی کەسێکی شارەزا لە تاران) مانگانە چەند بەرابەری ئوستادێکی زانستگا حەقدەست وەردەگرێ. واتە نرخی بکوژ زێدەترە لە نرخی پرۆفیسۆر.

داخستنی زانستگا و شوێنی هونەری، دژایەتیکردنی پسپۆڕ و شارەزا و پڕکردنەوەی شوێنیان بە کەسانی" ئاییناوەر" و مرۆڤی چەندرووی ناشارەزای دژ بە توێژی لێزان و شارەزا، بوو بە سیاسەتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران. لە جێگای بەناوبانگترین هونەرمەندی ئێران بۆ شانۆ، کەسێکی گێلگیرساز دانرا. لە جێگای موهەندیسی شارەزای نەوت، کەسێکی خوار دیپلۆم دانرا. مەلا و وشکە مەزهەبی بوون بە وەکیل، وەزیر و ڕەییس جمهور. ڕابەری میللەتی خۆیان گوتەنی سێ هەزار ساڵ شارستانییەت، بوو بە مەلایەک، کە باشترین بەرهەمی "تەوزیحەلماسایل" بوو. ئەو لە ٧١٦ لاپەڕەدا باس لە چوون بۆ دەستبەئاو و دەستوارتی سێکس و شتی لەم بابەتانە دەکات.

ملیارد ملیارد خەرجی هێزی نیزامی و ئەمنیەتی کرا. بوودجەی ئەم بەشە لە چل وسێ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام زیاتر بووە لە بەشی زانستگا و خوێندنگە و لەشساخی. "شەهادەت تەڵەبی" و کوشتنی دژبەران بوو بە ئامانجی ڕێژیم و خەڵکەکەی! زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە شەڕدا بە کوشت دران. دەیان هەزار لە زیندان و سەر شەقام و وڵاتان کوژران و تیرۆر کران. هێزی نیزامی، ئەمنیەتی و سەرکوت قۆڵی سەرەکیی داسەپاندنی ڕێژیم بوو؛ ئەمرۆ ستوونی سەرەکیی مانەوەیەتی. ئەو کات و ئێستا، کوردستان کرا بە قەتڵگا بۆ چاوترساندنی شوێنەکانی تر.

بەشی کورد و کوردستان کە ئەمرۆژانە لە پرێکا بۆتە "چشم و چراغ"، ملیتاریزە کردن، تاڵانی کانگاکان، کوشتن، زیندان و ئەشکەنجە، ئاوارەیی، وێرانیی ژێرخانی ئابووری، بێکاری و گەلێک نەخۆشیی کۆمەڵایەتی بوو. لە ژێر سێبەری ئەم ڕێژیمەدا، بەشێک لە کورد بوونە هێزی سەرکوت و ستوونی جێگیربوون و مانەوەی ڕێژیم. ئەم بەشە لە کورد، پارە و پلەو پایەیان وەردەگرت بۆ ئەوەی خۆیان بژین و خەڵکی کورد بکوژن و لە ژێر سەیتەرەی ئێرانی ئیسلامیدا بیهێڵنەوە.

ئەمرۆژانە جێپەنجەی ئەوانە پڕڕەنگتر لە هەر کاتێکی تر بەرچاوە. لە ژێر چەکمەکانی ڕێژیم و ئەوانە زیاتر لە ١١ ڕۆژە دووکان و بازاڕی هێندێک لە شارەکان داخراون. لە ناو شارەکان لە کەس ناپرسن کێیە، ڕاستەوخۆ دەسڕێژ دەکەن، حکوومەتی نیزامی ڕاگەیێنراو

## Impressum:

**Verlag:**
TISHK Zentrum für Studien über Kurdistan
**Verlags- bzw. Erscheinungsort:**
Köln
**Autor:**
Ebrahim Farshy
**Redaktion:**
TISHK Zentrum für Studien über Kurdistan
**Druck:** Eigendruck
**Vertrieb**: TISHK
**Anschrift der Redaktion**:
TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan
Postfach: 840108
51033 Köln
**Email**: info@tishk.org
**Webseite**: www.tishk.org

TISHK Center for Kurdistan Studies

TISHK Book
September 2024
Cologne

**Copyright.**

Published in 2024 by TISHK Center for Kurdistan Studies, Cologne, Germany

© 2024 by TISHK Center for Kurdistan Studies is licensed under CC BY-NC 4.0

This book is published under the Creative Commons Attribution 4.0 International Licence, which permits use, copying, adaptation, distribution and reproduction in any medium or format, provided you give proper credit to the original author(s) and the source.

TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
P.O.: 840108
51033 Cologne
www.tishk.org
info@tishk.org
Tel.Nr.: +4915110338428

ISBN: 978-3-68939-002-0
ISBN: 978-3-68939-003-7 (eBook)
DOI 10.69939/TISHK6735

The TISHK Books is a platform dedicated to promoting and distributing books related to Kurdistan, Iran and the Middle East, and various academic disciplines. Our goal is to make these valuable resources accessible to readers worldwide. TISHK Books is an integral part of the center’s mission to promote knowledge and understanding of Kurdistan and the Kurdish situation in the Middle East. It is a publishing initiative that aims to produce high-quality books on various topics related to Kurdish studies.

Design by TISHK
Language Editor: Kamel Najari

Ebrahim Farshy

# Good Morning Jina

TISHK
The Center for
Kurdistan Studies

**Ebrahim Farshy**

# Good Morning Jina

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

978-3-68939-002-0

9 783689 390020

کارەساتی قەتڵوعامی جوولەکە لە میانەی شەڕی دووهەم لە ئاڵمان و ئورووپا، ئەوانی لە خەوی هەزارەکان ڕاپەڕاند و تێگەیشتن داهاتوویان نابێ، ئەگەر واز لە تێگەیشتنی پێشوویان نەهێنن. حەوت کەسی بەرپرسیار تێگەیشتن و پرۆژەی نوێ و ستراتێژیی نوێیان داڕشت و هەموو هێزی ماددی و مانەوی، زانست و لێهاتوویی نەتەوەکەیان وێک خستەوە و کارێکیان کرد، کە مێژوو کەمتر بەخۆیەوە بینیبووی. ئەوان دەبوو بۆ گەیشتن بەو ڕۆیان، دوێنی بیریان کردبایەتەوە. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە ڕاپەڕینی ژینا و ژیناکان کە بەردەوام پێویستی بە خۆتازەکردنەوە هەیە، بە ئاکامی خۆی ئەگات و ڕێژیمی ئیسلامی، کە تەنیا هێزی نیزامیی لە حاڵەتێکی شپرێودا بەدەستەوە ماوە، ڕۆژ و ڕژگاری دوایی دێت. پرسیاری سەرەکی بۆ دە ملیۆن کوردی ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە بەرەو کام ئامانج و کام ستراتێژی و کام داهاتوو دەچێ؟

**TISHK Books**
**September 2024**
**Cologne**